# بەبێ دایکی گەورەدەبم، بەرێکەوت شوو دەکەم و بە تەنیایی دەمێنمەوە

بەشی دووەم و کۆتایی تارا. ت

ئامۆزاکەم منی سواری ئۆتۆمۆبیلەکەی خۆی کردو بەرەو شار گەڕاینەوە، تووڕەیی لە نێوچاوانیدا دەباری،نە ئەو قسەی دەکرد و نە منیش قسەم بۆ دەکرا. پێش ئەوەی بگەینە بەردەرگەی ماڵ بە ئارامی پێیگوتم :( دەبێ ئەمە دوایین هەڵەی ژیانت بێ، من لای خزمەکان قسە ناکەم، چونکە تۆم بۆ هاوسەری خۆم داناوە).

ئەو منی هێنایەوە ماڵ. نەنکم بەبینینی ئێمە خۆشحاڵ بوو، بە بزەیەکەوە پێیگوتین :( بە ساقەی بەژن و باڵاتان بم، لەگەڵ یەکتر چەندە جوانن!!، خوا دەست بە باڵتانەوە بگرێ) .

ئامۆزاکەم لەلای ئێمە نەمایەوە و ڕۆیشت. من بە دڵێکی پڕ لە ژانەوە چوومە ژوورەکەی خۆم و دەرگەم کلۆمدا. ئازار و کۆڤان سەرتاپای جەستەمیان داگرتبوو. حەزم دەکرد هەرچی زووترە قسە لەگەڵ خۆشەویستەکەم دا بکەم. چەند جارێک تەلەفۆنم بۆ کرد، لەماڵ نەبوو. تا ئێوارە خواردنیشم بۆ نەخورا. پەلەم بوو شەو دابێ و تەلەفۆنی بۆ بکەم و گوێم لە قسە خۆشەکانی بێ. من تەواوی هەست و نەستی خۆم ئاوێتەی ژیانی ئەو کردبوو. کاتژمێرەکان لەبارییەک دەچوون و درێژدەبوونەوە، شەو دانەدەهات. جاران کاژێر ١٢ی شەو بەدواوە تەلەفۆنم بۆ دەکرد، ئەوجارەیان ئۆقرەم لێهەڵگیرابوو، زووتر تەلەفۆنم بۆ کرد. تەلەفۆنەکە هەڵگیرا و داخرایەوە. ئەو شەوە دەیان جار تەلەفۆنم بە روو داخرایەوە. من وامدەزانی دایکی وا دەکات. ئەو شەوە چاوەکانم هەوری بارگران بوون، بەردەوام فرمێسکیان دادەباراند. بەیانی زوو لەخەو هەڵسام، چاوەکانم جووتێ هەڵماتی سووربوون، ئەوەی منی بدیبایە دەیزانی گریاوم. هەرچۆنێ بوو خۆم کۆکردەوەو ڕێگەی فێرگەم گرتەبەر. خۆشەویستەکەم لە شوێنی جاران ئۆتۆمۆبیلەکەی ڕاگرتبوو، دڵم زۆر خۆشبوو، ویستم بەرەو لای بڕۆم، کەچی ئەو سولفێکی لێداو ڕۆیشت. من دڵم داخورپا، وامزانی دیسانەوە ئامۆزاکەمی بینیووە، ئاوڕێکم دایەوە، کەسم نەبینی. ئەو ڕۆژە هیچ ئاگام لە خۆم نەبوو. ئاواتی هاوڕێم بەڵێنی دا لە جیاتی من قسەی لەگەڵدا بکات و وەڵامم لێبگێڕێتەوە. مامۆستاکانم هەستیان بە شڵەژاوی من کردبوو، وام تێگەیاندن کە نەخۆشم و چاوم ژان دەکات، ڕێگەیان دام بگەڕێمەوە ماڵ.

هەر گەیشتمەوە ماڵ، چوومە ژوورەکەی خۆم و لێی ڕاکشام، بەڵام خەوم لێنەکەوت. بیر و هۆشم لای خۆشەویستەکەم بوو. هەزاران پرسیار لە مێشکمدا گوزەریان دەکرد، بۆچی تەلەفۆنەکە دادەخرایەوە؟! بۆچی کە منی بینی سولفێکی لێداو ڕۆیشت ؟! بۆچی بۆ خۆی تەلەفۆنی بۆ نەکردووم؟!. ئایا ئامۆزاکەم لای باوکم باسی ناکات؟!، ئایا ڕێگەم دەدەن بە ئاواتی خۆم بگەم؟!.

ئەو شەوە لە کاتی جاران تەلەفۆنم بۆکرد، خۆی وەڵامی دایەوە، بە تووڕەییەوە پێیگوتم: ( جارێکی تر تەلەفۆن نەکەیتەوە! دەتەوێ بە کوشتنم بدەیت!، تۆ لە دڵی مندا سڕاویتەوە! ). باوەڕم بە گوێچکەکانم نەکرد، وام زانی درۆم لەگەڵدا دەکەن. جاران بە وشەی گوڵە گیان وەڵامی دەدامەوە، ئەوجارەیان بە تەلەفۆن نەکەیتەوە. ماوەیەک دۆشدامام و بیرم کردەوە، دواتر جارێکی دیکە تەلەفۆنم بۆکردەوە. ئەو جارەیان پێیگوتم : ( ناتوانم لەتەلەفۆندا قسە بکەم، ئەگەر دەتەوێ لە شوێنێکدا یەکتر دەبینین !).

لە کاتی دیاریکراو یەکترمان بینی، بەڵام ئەو مرۆڤەکەی جاران نەبوو، بە دوای ڕابواردن دەگەڕا، داواکاری هەرزەکارانەی هەبوو، هەستم بە پەشۆکاوی کرد، پەیمان و بەڵێنەکانیم بەبیر دەهێنایەوە، ئەو قاقا پێدەکەنی و گاڵتەی بە خۆشباوەڕی کچان دەکرد. ئەو لای سەیر بوو کە کچان فریو دەخۆن و باوەڕ بە قسەی کوڕان دەکەن. سەرەنجام گوتی: ( ئەم دیدارەمان دوایین دیدار دەبێ، بڕیارم داوەو بەرەو هەندەران بڕۆم، ئێرە شوێنی ژیان نیە!).

من تاک و تەنیا لەنێو گێژاوەکانی ژیان مامەوە. هەستم بە دۆڕانی خۆشەویستی دەکرد. دڵشکاو و ڕەنجەڕۆ کرابووم. حەزم بە دوورەپەرێزی و گۆشەگیری دەکرد. بە بێدەنگی دەچوومە فێرگە و دەگەڕامەوە. لە ژوورەکەم دادەنیشتم و بیرم لە ڕابردوو، لە سۆزو پەیمانی درۆیین دەکردەوە. لەنێو ئێش و ئازار دەتلامەوە. ڕۆژێکیان ئامۆزاکەم هاتە ماڵ و داوای لێکردم چەند خولەکێک بەجووتە دابنیشین. ئەو لاوێکی نەرم و نیان بوو، جارێکی دیکەش هەگبەی ڕازەکانی بۆ کردمەوەو داوای هاوسەرێتی لێکردم. ئەو باسی ڕابردووی بۆ نەکردم و لەسەر هەڵەکانم سەرکۆنەی نەکردم. ئەو پێیوابوو هەموو کەسێک لەسەرەتای هەرزەییدا هەڵە دەکات، هەنگاوی ناڕاست هەڵدەگرێتەوە، گرنگ ئەوەیە بەخۆی دابچێتەوەو پەند لە مێژووی خۆی و دیتران وەربگرێ. منێکی کۆست کەوتوو پێویستم بە هاوڕێیەک هەبوو، بە دوای فریادڕەسێک دەگەڕام کە باڵم بگرێ و ژیانم بۆ بگێڕێتەوە. ئامۆزاکەم دووپاتی دەکردەوە کە یان بۆ ئەو دەبم یان دەبێ نامراد سەربنێمەوەو بچمە ژێرگڵ. ئەو هەم خۆشەویستی خۆی پێشان دەدام، هەم ترسی لە دڵدا دەچاندم. سەرەتا بەڵێنم پێنەدا. داوام لێکرد بواری بیر کردنەوەم بدات.

خۆشەویستەکەم پشتی تێکردبووم و خۆی بۆ ڕۆیشتن ئامادە دەکرد. سەرباری ئەوانەشەوە لە دڵەوە خۆشمدەویست و هیوای سەرکەوتنم بۆ دەخواست، جار جارە تەلەفۆنم بۆ دەکرد و داوام لێدەکرد دەست بە بەڵێن و پەیمانەکانیەوە بگرێ و پەشیمان بێتەوەو خوازبێنیم بکات. ئەو گاڵتەی بە قسەکانم دەهات، ئەو خەونی بە بەهەشتی ئەوروپاوە دەبینی. ئەو باسی کچانی ئەوڕوپای بۆ دەکردم و شانازی بە سامان و پارەوە دەکرد. ئەو پێیوابوو تەنیا لە باوەشی ئەوروپادا دەحەسێتەوە. ئارام و سەربەرز و بێگرفت دەژی. بایەخی بە خۆشەویستی و پاڕانەوەی من نەدەدا. ئەو پێیوابوو من بوومەتە ڕابردوو.

چەندین هەفتە تەرازووی بەراوردم بۆ خۆشەویستە لەخۆ گۆڕاوەکەم و ئامۆزاکەم دانا. سۆز و خۆشەویستی بەرەو لای یەکەم ڕایان دەکێشام. عەقل و ژیری بەرەو لای دووەم هانیان دەدام. کاتێ زانیم یەکەمیان وڵاتی جێهێشتووەو گەیشتۆتە تورکیا، دووەمیان بوو بە تاکە فریادڕەس .

لەوسەروبەندەدا مامم چووبووە لای باوکم و بۆ کوڕەکەی خوازبێنی کردبووم. باوکم ڕەزامەندی پێشاندابوو، بەڵام منی سەرپشک کردبوو. من کە لە پاییزی خۆشەویستیدا ڕەشماڵی نائومێدیم لەخۆم لوولدابوو، پێشنیاری باوکمم پەسند کرد. لەماوەیەکی زۆر کورتدا ژیانی هاوسەرێتیم لەگەڵ ئامۆزاکەم پێکهێنا. ئەو ئاگای لە ڕابردووی من هەبوو، دەیزانی کەسێکی دیکەم خۆشویستووە، بەڵام هەرگیز باسی نەدەکرد و برینی نەدەکولاندمەوە. ئەو ئامۆزایێکی بەڕێز و هاوسەرێکی ڕاستگۆ و مرۆڤێکی بەویژدان بوو. ڕۆژ دوای ڕۆژ جێگەی خۆی لەنێو دڵ و دەروونمدا دەکردەوە. ئاشقانە خۆشی دەویستم. دەرویشانە بۆ خۆشبەختی و بەختەوەری من تێدەکۆشا. ئیدی من ڕابردووم لەبیر کردبوو، قاقا بەرووی ژیان پێدەکەنیم، دوای ساڵێک منداڵێکمان بوو. باوکی زۆری خۆشدەویست و دەیوست کە من تەنیا ئاگام لە منداڵەکە بێ، ئەو خۆی هاوکاری دەکردم، لە بازاڕ خواردنی ئامادەکراوی دەهێنا. خزمەکان ڕێزیان دەگرتین و هاتووچۆیان دەکردین. خۆشەویستی هەمووان بووین. ڕابردوو یادگارێکی تاڵ بوو، جارجارە بە ڕاکردن دەهات و تیژ تێپەڕ دەبوو. من نەمدەویست بیر لە ڕابردوو بکەمەوە. من ڕابردووم دۆڕاندبوو، دەمویست داهاتوو مسۆگەر بکەم.

زۆر کەس دەڵێن لە دوای هاوسەرێتی خۆشەویستی دروست نابێ، بەڵام وانیە، من لەدوای شووکردنمەوە، لە دوای چەندین مانگ هاوسەرێتی ئەوسا خۆشەویستی ڕاستەقینەم دۆزیەوە. خۆشەویستیەکی ڕاست و بێگەرد، پاک و سۆزدار کە باڵەکانی خۆی لە بەختەوەری سازکردبوو، منی لەباوەش گرتبوو. ئامۆزاکەم جێگەی هاوسەرو خۆشەویست و باوکی منداڵەکەم و هەموو جیهانی بۆ گرتبوومەوە.

لە سەرەتای ژیانی هاوسەرێتی لە لای دەستەخوشکەکانم گلەییم لە بەختی خۆم دەکرد کە بۆچی بەرێکەوت شووم کردووە، بەڵام دوایی ئاهی پەشیمانیم هەڵدەکێشا کە بۆچی هەر لەسەرەتاوە ئەو کەسەم خۆشنەویستووەو کە واتای عیشق و ئەڤین دەزانێ و دەرگەی بەختەوەری بۆ کردوومەتەوە.



ئێمە ئاسوودەو بەختەوەر دەژیاین. ئامۆزاکەم کاری دەکرد، من و منداڵەکەش لە چاوەڕوانی ئەو ڕۆژمان ئاوا دەکرد. شەوێکیان پێیگوتم: ( گوڵە گیان بەیانی دەچم بۆ هەولێر کارێکی گرنگم هەیە، شەو دەگەڕێمەوە، نامەوێ تاکە شەوێکیش لێتان دوور بکەومەوە، بڵێ بزانم چیتان دەوێ تا بۆتان بهێنم ؟!). نازانم بۆچی هەر لەخۆیەوە دڵم داخورپا. حەزم نەکرد ئەو سەفەرە بکات. بە نیگەرانیەوە پێمگوت:( ئامۆزا ! خۆت دەزانی بەیانی ساڵڕۆژی لەدایکبوونی منداڵەکەمانە، دەبێ ڕۆژی لەدایکبوونی پیرۆز بکەین!، ناکرێ نەچیت بۆ هەولێر؟!). ئەو گوتی: ( زۆر باش لەبیرمە، من خۆم کارێکم هەیە، بەڵام دەمەوێ بەوبۆنەویەوە لە هەولێر دیاری جوان بۆ هەردووکتان بهێنم!).

بەیانی زوو لەخەو هەستا، منداڵەکە لە پرخەی خەودابوو، چەند جارێک ماچی کرد، دوایی ماڵئاوایی کردو لە ماڵ چووەدەر. من گەڕامەوە ژووری، هێندەی نەبرد دەرگە کرایەوە و هاتەوە ژووری، وامزانی شتێکی لەبیرچووە، بەڵام ئەو تەنیا بۆ ماچ کردنی من و منداڵەکە گەڕابۆوە. دیسانەوە دڵم داخورپایەوەو داوام لێکرد ئەگەر دەکرێ سەفەرەکەی بۆ ڕۆژێکی دیکە دوابخات. ئەو بە پێکەنینەوە ماڵئاوایی لێکردم و گوتی: ( گوڵەگیان خۆت نیگەران مەکە، ئێوارە زوو دەگەڕێمەوە).

خۆم بۆ ئاهەنگی لە دایکبوونی منداڵەکەمان ئامادە دەکرد، زۆربەی میوانەکان هاتبوون، چاوەڕوان بووم ئەو بێتەوەو ساڵڕۆژی پیرۆزبکەین، لەوکاتەدا زەنگی تەلەفۆن لێیدا، سەیرم کرد ژمارەکەی ئەوە، لە خۆشیانا باڵم گرت، وامزانی لەبەر دەرگەیەو داوا دەکات دەرگەی حەوشەی بۆ بکەمەوە، تەلەفۆنەکەم هەڵنەگرت و بەپەلە بەرەو دەرگە ڕۆیشتم، کەس نەبوو، گەڕامەوە. ئەوسا خۆم تەلەفۆنم بۆ کرد، کەسێکی نەناس وەڵامی دامەوە، هەواڵێکی گورچکبڕی پێڕاگەیاندم: (خاوەنی ئەم مۆبایلە لە ڕێگەی هەولێر دووچاری ڕووداو بووە، بەپەلە وەرنە نەخۆشخانەو تەرمەکەی ببەنەوە..).

جیهان بەسەر سەرمدا ڕووخا، ماڵوێران و داماو و خەمگین مامەوە. ئێستا من و منداڵەکەم بەتەنیا ماوینەتەوە، ڕۆژانە لە چاوەڕوانی گەڕانەوەی ئەو تەواو دەکەین و شەوانەش بە یادی ئەو ڕۆژ دەکەینەوە. نازانم بۆچی ئەو چارەنووسەم هەبوو، بە بێ دایکی گەورەبووم، بەرێکەوت شووم کرد، بە تەنیایی ماومەتەوە .

دەروون



دونیا

## ڕاگەیاندنی ڕەش و سپی

پێشکەوتنی کۆمەڵگەو گۆڕانکارییەکانی، لەڕووی پەیوەندییەکان و گەشەکردنی هۆیەکانی بەرهەم هێنان و هۆیەکانی ڕاگەیاندن و پاشان زیادبوونی پێداویستییەکانی تاکی کۆمەڵگە کارێکی وایان کردووە کە ڕۆشنبیری و داهێنان لە ئاستێکدا ڕانەوەستن و بەردەوامبن لە ڕەوتی کاروانی بەرەو گۆڕان.. ڕاگەیاندن کە بەشێکی زۆرو ڕۆڵێکی گەورەی بەرکەوتووە لە ئەرکی گۆڕانکاری پەروەردەو فێرکردن و ڕۆشنبیری و ڕێنمایی بە هەموو شێوەو جۆرەکانییەوە، دەبێ ئازادو دەست کراوەو دەم کراوەبێت لەو بوارانەدا کە لە ئەستۆی خۆی گرتووە، لە زەمانی دەسەڵاتی عەبدلکەریم قاسم دا وەزیری ڕاگەیاندن بڕیاری ڕاگرتنی ڕۆژنامەکی دا کە تائێستاش حزبەکەیان ماوە بۆ ماوەیەکی کەم، بەڵام قاسم یەکسەر بۆ ڕۆژی دوایی بڕیارەکەی هەڵوەشاندەوەو ئاگاداری حزبەکەیانی کردەوە کە ڕۆژنامەکەیان دەرکەن، وەزیر ئەوەی پێ ناخۆش بوو، چووەلای سەرۆک باسی ئەوەی بۆکرد ئەمانە دەمیان پیسەو قسەی خراپ و بێ بنەما بەدەسەڵات دەڵێن، ئەویش وتی ئێمە ئیعلانی دیموکراتیمان کردووە لە دیموکراتیەتیشدا ئەمانە هەیەو دەبێ قبوڵی کەین.. ئەگەر ئەم قسەیە کە زیاتر لە ٤٥ ساڵ دەبێ وتراوە، بەراوردی بکەین لەگەڵ ئەم دیموکراتییەی ئێستای عێراق و بەتایبەتیش لەگەڵ کوردستان ڕەنگە زۆر دڵ تەنگ و خەفەتبارمان بکات، چونکە پیاوێک کە تا ئێستاش زۆر کەسی سیاسی هەن گلەیی لەخۆی و دەسڵاتەکەی دەکەن، کەچی دوای ئەو ماوەیە ئێمە لە کوردستان نەک ڕێگەکەی ئەو، بەڵکو دێین ڕێگەی وەزیرەکەی دەگرین و باسی ئاگادارکردنەوەو ڕاگۆڕینی هەندێ لە ڕۆژنامەکان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن دەکرێن. زۆرم پێناخۆشە لەم زەمانی عەولەمەو گەشەکردنی هزرەدا سەرۆکەکەم کە خۆم دەنگم پێداوە لە کۆبوونەوەیەکیدا لەگەڵ دەستەیەک کادرانی هەردوو حزبە دەسەڵاتدارەکەی کوردستان ڕەخنەی توند لەهەندێ ڕۆژنامەو کەناڵی ئیعلامی بگرێت، قسەکانی بەرەو ئەوە بڕوات کە بۆنی ڕاگرتن یان دەم داخستنی لێوەبێت. ئەوەشی کە سەیربێت لەوێ کەسێک نەبێ بڵێ ئێمە مادام ئیعلانی دیموکراتیمان کردووە با ڕێگایەکی دیکە بگرینەبەر. من وڵاتی خۆمە هاووڵاتی و نەتەوەی خۆم لەسەر ئەم خاک و نیشتمانە دەژین، سەرۆکیش هەر هین خۆمەو لەخۆمە ئیتر بۆ قسە نەکەم، بۆ باسی گەندەڵییەکانی دەسەڵات نەکەم، خۆ ڕەخنەکانی من لە دەسەڵات سوودو قازانجی هەیە، هەم بۆخودی دەسەڵات هەم بۆ سەرجەمی هاووڵاتیان، ئەگەر خۆتان بە دیموکراتی دەزانن دەبێ سنگتان لەوە فراوانتر کەن ئەگەریش دیموکراتی نین ئەوە هیچ گلەیی ناکرێ ئەگەر ڕۆژنامەکان یان هەر کەناڵێکی دیکە دایخەن. هەرچەندە ئەوە ڕانابینم کە جۆرێک لەو ڕێبازە سەرکوتکەرانەیە بگیرێتەبەر، بەڵام لەهەمان کاتیشدا دەڵێم با ڕاگەیاندنیش لە پاڵ دیموکراتییەوە زەبری کاریگەرو ژەهری کوشندە نەڕێژێ و ئەم تۆزقاڵە سەربەخۆییەش نەشێوێنێ، چونکە بارودۆخی سیاسی بە پێی بەرژەوەندییەکانی ڕەسم دەکرێ و لە ئەنجامدا جێگیر، یان ئاڵۆز دەبێ و ڕەنگە حاڵەتی وادروست بکات لەگەڵ خۆیدا کە مرۆڤ لە لوتکەی بەرزی دیموکراتییەوە بهێنێتە سەر عەرشی دیکتاتۆری.